# ڕێفێرێندوم و پرسی دیموکراسی لە کوردستان

نووسینی: ئاراس فەتاح

تەمەنی دابڕانی بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوور لە دەسەڵاتداریتی بەعسیزم سیانزە ساڵە و تەمەنی ئەزموونی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی ناوچەییش تیایدا یانزە ساڵە. ئەم ئەزموونە جۆرێک لە سەروەریتی سیاسی و ئیداری و ئابووری شێوەدابڕاوی بەرامبەر دەسەڵاتی نێوەند هەبوو. ئەمڕۆش پاش شەش مانگ، دوای تێکشکانی دەوڵەتی بەعس لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە، ئەم پێکهاتە کوردییە بووەتەوە بە بەشێک لە سیناریۆی گشتی ناو نەخشەی سیاسی عێراقی داهاتوو. بکەرە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق لە زۆرینەی خاڵەکاندا لەگەڵ یەکتر ناکۆکن و ناوکۆیی و ڕێککەوتن، یان کۆنزێنسی سیاسی بە دەگمەن بەدیدەکرێت. ئەم حاڵەتەش لە ڕاستیدا تەنها پابەندی ئەو دۆخە نییە کە ئەمڕۆ بە قۆناغی «گۆڕان» یان «وەرچەرخان» ناودەبرێت، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا وابەستەی ئەو ململانێ نوێیەیە کە بکەرە سیاسییەکان لەناو کایەی دەسەڵات هەیانە و پابەندی ئەو وێنانەیە کە هەر یەک لە گروپەکانی ناو کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بەرامبەر بە وێنەی دەوڵەت و چەمکی نەتەوە و فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی هەیانە.

تێکشکانی سیستمی بەعسیزم و ململانێی گروپەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی پۆست بەعسیزم و ناڕوونی دوارۆژی سیاسی عێراق بەگشتی و نادیاری شوێنگەی کوردستان بەتایبەتی، دۆخێکی ئاڵۆزی بۆ پێکهاتی ئەمڕۆی سیاسی کوردی پێکهێناوە. ئەو پرسیارەی لەمڕۆدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە؛ ئایا چارەنووسی سیاسی کوردستانی باشوور بەرەو کوێ دەڕوات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە تاوەکو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی تەمومژاوی لەلایەن سیاسەتی کوردییەوە تاووتوێکراوە. جگە لە دروشمێکی سیاسی لە فۆرمی فیدرالیزمدا کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەردراوە، وەڵامێکی ئەوتۆی کۆنکرێتمان لەبەردەستدا نییە و هەنگاوێکی جیدی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و عێراقی و ناوچەیی و نێونەتەوەییەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بەدی ناکرێت. نوچدانی ئەزموونی پەرلەمانیتاریزم و لەکارکەوتنی پارلەمانی کوردستان وەکی دەزگایەکی شەرعی و گۆڕانکارییە خێراکانی ناو عێراق و ناوچەکە و چەندین هۆکاری دی، بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی گفتوگۆ لەناو هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان. هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین کەوتنەوەی مشومڕ لەسەر بابەتی ڕێفێرێندوم و بینینی وەک دەروازەیەکی سیاسی بۆ ئەو بنبەستە سیاسییەی لە عێراقدا هەیە، بەیەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم دڵەڕاوکێ سیاسییەی دابنێین. بە مانایەکی دی ئێمە دەتوانین پرۆژەی ڕێفێرێندوم وەکی پەرچەکردارێکی مەدەنی تەماشابکەین بەرامبەر بە سیاسەتی ڕەسمی بکەرە سیاسییەکانی کوردستان.

گومانی تێدا نییە ئەمڕۆ بابەتی ڕێفێرێندوم بووتە یەکێک لەو باسانەی کە گوتاری ناو فەزای سیاسی و ڕۆشنبیریی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان پاوانکردووە. بەڕای من پرسیار لێرەدا ئەوە نییە ئایا کورد یان خەڵکی کوردستان مافی ئەوەی هەیە ڕێفێرێندوم بکەن یان نا، بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە گەر ڕێفێرێندوم بکرێت لەسەر چی دەکرێت یان گەر داوابکرێت، دەبێت لەسەر بناغەی چ ئامانجێک و چ ستراتیژێک بێت؟

بەگشتی ئێمە ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبینەوە لەوێنەی؛ ئایا خەڵکی کوردستان داوای ڕیفێرێندوم دەکەن یان بۆخۆیان هەڵدەستن بە ڕیفێرێندومکردن؟ گەر داوای ڕیفێرێندۆم بکرێت لەکێ داوادەکرێت و کاتێکیش خۆیان پێیهەڵسن، ئەوا داواکارییەکان و ئەگەرە سیاسییەکانی چین و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراو ونەکراوەکانی لەکوێدان، ئامانجەکانی دەبێت چی بێت یان چی بن، واتە کۆنسێپتەکەی چۆن دادەڕێژرێت، بەمانایەکی دی چەند خۆئامادەکردنی زانستییانە لەپشت ئەم پرۆژەیەوەیە ئامادەیە، واتە چەند کۆمیسیۆنی جیاواز و چەند پسپۆڕ و چەند چالاکی زانستییانە لەسەر ئاستی کوردستان و نێونەتەوەیی ئامادەکراوە؟ لەهەمووی گرنگتر بۆ پرۆژەگەلێکی چارەنووسسازی لەم چەشنەش بریتییە لە چوارچێوە گشتییەکانی ئەم پرۆژەیە، واتە ستروکتوور و ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و داراییکردنەکەی دەبێت چۆن بێت؟ بەگشتی ئەم پرۆژەیە نەک تەنها لە ڕووی سیاسی و فیکرییەوە، بەڵکو لە ڕووی ئامادەکردن و پیادەکردن و داراییکردنییەوە کارێکە، پێویستی بە دەزگاییکردنێکی عەقلانییانەیە.

ئاشکرایە کە ئێرە شوێنی وەڵامی ئەم پرسیارانە نییە، بەڵام سەرەتا من دەمەوێت جەغد لەسەر ئەو ڕاستییە بکەم کە ڕیفێرێندوم مافێکی شەرعی هەموو گروپێک و میللەتێکە، کە لە ڕێگای ئەم فۆرمەوە لە مومارەسەی سیاسی فۆرمولەی خواستە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی دەکات. دیارە کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی کە ئەم مافەی پێڕەوایە. ڕیفێرێندوم بۆخۆی ڕاپرسییەکی گەلییە لەسەر مەسەلەیەک، بابەتێک، کێشەیەک، یاسایەک، هتد... لە وڵاتێکی وەکو سویسرا ڕیفێرێندوم یەکێکە لە مافە سیاسییەکان. بۆ نموونە لە ڕێگای ڕیفێرێندومەوە گەل مافی ئەوەی هەیە بڕیارەکانی پارلەمان ڕابگرێت. دیارە ئێرە شوێنی باسی سیستمی سیاسی دەوڵەتی سویسرا نییە کە مومارەسەی مافی ڕیفێرێندوم تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، بە جۆرێک کە لەم وولاتەدا بە ڕیفێرێندوم دەگوترێت «ستۆپی گەل»، واتە گەل هەموو کاتێک دەتوانێت بڕیارەکانی پارلەمان «ستۆپ»بکات. تەماشاکردنێکی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش ئەو ڕاستییەمان بۆدەردەخات کە ڕیفێرێندوم بووەتە فۆرمێک لە فۆرمەکانی مومارەسەی دیموکراسی ئەم سەدەیەمان، ئەوەی کە لە زمانی پۆلیتۆلۆگەکاندا پێیدەگوترێت «دیموکراسی ڕاستەوخۆ»؛ هەر ئەم ساڵ چەندین ڕیفێرێندوم لەسەر مەسەلەی جۆربەجۆر لە وولاتانی دونیا پیادەکراوە و هەر لەم ماوەیەشدا چەندین پرۆژەی ڕیفێرێندومیش لەئارادایە وەکو لە ئێستلاند بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، یاخود سەرۆکی تایوان هەڕەشە لە دەوڵەتی چین دەکات بە ڕێکخستنی ڕیفێرێندوم و لە ئیسپانیاش پارلەمانی باسکەکان بڕیاری ڕیفێرێندومیان لەسەر جیابوونەوە داوە. بەگشتی ئەم نموونانە مشتێکن لە خەرواری پرۆسەی خستنەگەڕی دیموکراسی ڕاستەوخۆ، هەروەکو چۆن جومگەیەکی دانەبڕاوی مافە یاساییەکانی گەلێکە، کە لە دەستووری دەوڵەتەکەیدا مافی ڕیفێرێندوم چەسپێنراوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە نە دژایەتیکردنی ئەو پرۆژەی ریفەرۆندۆمەیە کە ئێستا لە کوردستان لەئارادایە و نە وەدووکەوتنێتیشی بەو جۆرەی کە داڕێژراوە و ڕێکخراوە، بەڵکو والاکردنی دەرگایەکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەهەندەکانی ئەم بابەتە و تاووتوێکردنی ئەگەرەکانێتی و مشتومڕکردنە لە سەر پرسە سەرەکییەکانی کوردستانی باشوور. بەڵگەنەویستە گەر بڵێین چەندە ویستەکان جوان و گەورە بن، هەندێ جار ئەگەرەکان بە پێچەوانەوە دەکەونەوە و دەرئەنجامی ترسناک و چەواشەیان دەبێت، گەر نەمانتوانی پێشتر هەموو لایەنەکانی بە وردی یەکالابکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش من باس لە گرنگی مافی ڕیفێرێندوم ناکەم، بەهەمان شێوە باس

لەو ئیشکالییەتانەش ناکەم کە چۆن ئەم پرۆژەیە تاوەکو ئێستا ناسێنراوە، بە مانایەکی دی ئەو تەمومژییەی ئەم پرۆژەیە تا ئەم چرکەساتە هەڵگرێتی، گەر ئەو قسانەی دەکرێت و ئەو نووسراوە زۆر کەمەی کە هەیە بەراوورد بکەین. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پرۆژەیە نەتەوە یەکگرتووەکان دەخاتە ناو بەرنامە سیاسییەکەی ڕیفێرێندومەوە، بەڵام لە کرۆکدا پرۆژەی ڕیفێرێندوم تەنها یەک پرسیارمان لێدەکات و دەیەوێت بزانێت ئایا ئێمە دەمانەوێت لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنینەوە یان خوازیاری سەربەخۆیین؛ واتە ڕیفێرێندوم بەهەڵە بووەتە مورادفێک بۆ چەمکی سەربەخۆیی. بەکورتی ئێرە جێگای باسی ئەو کێشانە نییە کە پرۆژەی ڕیفێرێندوم لە ڕووی ستروکتور و ڕێکخستن و داراییکردنەوە هەیەتی. بە هەمان شێوەش باس لەو پاپووکییە (بوێس) گەورەیەش ناکەم کە ئەدەبیاتی سیاسی و فیکریی کوردیی تێیدا دەژی کە تاوەکو ئەمڕۆ دوو ووتاری زانستیمان نییە کە لەسەر ڕیفێرێندوم یان فیدرالیزم نووسرابێت. بەکورتی، بێئاگاییەکی گەورە لە مانا و ڕەهەندە سیاسی و یاسایی و ئێتیکییەکانی ئەم بابەتە چارەنووسسازانە ئامادەیە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەو سەرنجانەی سەرەوەم بهێنم، مەبەستمە ئێستێک لەئاست مەسەلەیەک بکەم و هەندێ ڕۆشنایی بخەمەسەر.

سەرنجی یەکەمم ئەوەیە کە بە سیحراویکردنی ڕیفێرێندوم وەکی ئەوەی تاکە دەروازەیەکی سیاسی ئێستای پرسی کوردستان بێت، دوورە لە هەموو ئەگەرە واقیعییەکان و بە ئایدیۆلۆژیکردنیشی لە فۆرمی «ئەوەی لەگەڵ ڕیفێرێندوم نەبێت، دژی دەوڵەتی کوردییە» هەڵویست و دیدێکی پۆپۆلیستی بێمانایە و کوژەری هەموو دیالۆگ و بیرکردنەوەیەکە.

سەرنجی دووەمم ئەوەیە کە گەل، یان میللەت هەموو کاتێک بڕیاری دیموکراسی نادات، با کەرەسەکانی گەیشتن بەو بڕیارەش دیموکراسی بێت. ئەزموونی ئەڵمانیا کە نازییەکان تیایدا لە ڕێگای گەورەترین دەستکەوتی سیستەمی دیموکراسی کە هەڵبژاردنە دەسەڵاتیان گرتە دەست، گەواهی ئەم ڕاستییەیە. لە دوای ئەزموونی نازیسمەوە تاوەکو ئێستاش لە ئەڵمانیای فیدرال «گەلپرسی» یان کۆپرسی لەسەر ئاستی نەتەوەیی مافێکی یاسایی یان سیاسی نییە، چونکی ئەزموونی نازیسم بەئاسانی ناخرێتە ناو یادەوەرییە لەیادچووەکان. ئەم نموونانە دەشێت هێمابن بۆ ئەو ڕاستییەی کە ناکرێت هەرەمەکی گەلپرسی بە پیرۆز بگیردرێت، بەڵکو دەبێت هەمیشە لەناو پێدراوە سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی تەماشابکرێت. بەتایبەت لە وولاتێکی وەکو عێراق کە تیایدا ماوەی زیاد لە پەنجا ساڵە ئەزموونی دیموکراسیی پارلەمانی بوونی نییە و زیاد لە سی ساڵیشە یەک ئەزموون و یەک کولتووری بەرهەمهێناوە، ئەویش تۆتالیتاریزمە، بۆیە کارەساتە لە ئێستادا لە وولاتێکی وەکو عێراق ڕیفێرێندوم بکرێت.

بۆئەوەی بتوانین لە کوردستانیش باس لە ڕیفێرێندوم بکەین، دەبێت سەرەتا هەندێ مەرج و پێدراوی دیموکراسیمان هەبێت. ڕیفێرێندوم ئاشتیخوازانەترین فۆرمی ناڕەزایی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە سیستێمێک هەیە کە هەڵگری ئەم کولتوورە بێت.

### کورد و پرسی دەسەڵاتدارێتی

گومانی تێدا نییە گەر پرسیار لە هەر کوردێک بکەین، کە بە بەدگومانییەوە تەماشای دواڕۆژی خۆی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بکات، دەشێت بێ چەند و چۆن بڵێت بەڵێ من لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندام، بەڵام بابەتی ڕیفێرێندوم بۆ سەربەخۆیی دەمانخاتە بەردەم پرۆژەیەکی مەدەنی، سیاسی و عەقلانی، نەک

سیاسەتێکی پۆپۆلیستی و گەمە بە هەستی مرۆڤی کورد و ئاڕاستەکردنی ناجۆرانەی، چونکی خواست شتێکە و پێدراو و ئەگەرە سیاسییەکان شتێکی ترن.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، لە دوای ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی کوردی لەژێر ڕابەرایەتی شێخ مەحموود، زیاتر هەڵگری خەسڵەتی بزوتنەوەی بەرگرییە وەک لە گوتاری ڕزگاری و سەربەخۆیی. واتە تاوەکو ئەم چرکەساتە ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری پرۆژەی جیابوونەوە یان سەربەخۆیی نەبووە. ئەم هەقیقەتە سیاسییەش وامان لێدەکات کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا هێزێک یان بکەرێک یاخود ئەکتۆرێکی سیاسی بەرچاو نەبینین کە هەڵگری ئەم پڕۆژەیە بێت و بتوانێت چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی نوێنەرایەتی بکات. بەنەبوونی هیچ بکەرێکی سیاسی کە ئەم پرۆژەیە تەبەنا بکات چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی وامان لێدەکات بە تێڕامانێکی قووڵەوە تەماشای ئەم پرۆژەی ڕیفێرێندومە بکەین کە هەڵگری گوتاری سەربەخۆییە بۆ کوردستان.

ڕاستییەک کە ناتوانین ئێمە پاش دوانزەساڵ لە ئەزموونی پیادەکردنی دەسەڵات لە کوردستاندا چاوکوێری لێبکەین ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردستان، بەدەر لە چەند هەنگاوێکی دیموکراسی، بە چەندین فرسەخ لە پیادەکردنی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسییەتەوە دوورە. کۆمەڵگایەکە کە ململانێ و جیاوازییەکان لە نێوان باڵە سیاسییە ناکۆکەکانی، خەسڵەتی جەنگی بەرنەداوە، ئەگەر چی چەکەکان ئێستا بێدەنگن. واتە کێشە سیاسییەکانی ناو دونیای سیاسی کۆمەڵگای کوردستان پێش هەموو شتێک لە ڕێگای ململانێی جەنگاوەرانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. بە مانایەکی دی سیستەمی سیاسی لە کوردستان سیستەمی ململانێی ئاشتیخوازانەی هێزە جیاوازەکان نەبووە و تا ئەمرۆش نەبووەتە کولتوورێکی سیاسی تیایدا.

ڕاستییەکی نکولی لێنەکراوە گەر بڵێین یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتە سیاسییەکانی ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی لە کوردستانی باشوور هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بوو کە لە ساڵی ١٩٩٢دا پیادەکرا. پاش یانزە ساڵ لە نووچدانی ئەو ئەزموونەش، ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ دووبارە دەبێت خۆمانی پێوەخەریکبکەین بریتییە لە پرۆسەی دووبارە دیموکراسیکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری لە کوردستان.

ئیشکالییەتی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستان، تەنها ئیشکالییەتی ئامادەنەبوونی دیموکراسی نییە، ئیشاکالییەتەکەمان لە بوونی دیموکراسییەتییەکدایە کە نەیتوانی لە تاقیکردنەوەی پیادەکردنی بنەماکانی دیموکراسی سەرکەوتن وەدەستبهێنێت. ئەو تاقیکردنەوەیەش بریتییە لە ڕێزگرتن لە بنەما سەرەکی و سادەکانی پرنسیپی دیموکراسی؛ واتە قبوڵکردنی گەمەکانی ڕێکخستنی سیستەمی دیموکراسی کە بریتین لە دابەشکردنی دەسەڵات و تەداولی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات و ڕێزگرتن لە پێکەوەژیانی جیاوازییەکان و چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان لەڕێگای گفتوگۆی پارلەمانتاری و دۆزینەوەی کونزێنسی سیاسی و بە دامودەزگاکردنی کێشەکانی و ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرایەتی و چەندان پرنسیپی دی کە ناتوانین هەمووی لێرەدا ڕیزبکەین. دیارە شەڕی ناوخۆ هۆکاری سەرەکی ئەم پرۆسەی نووچدانە بوو و ئەمەش لە دوادەرئەنجامدا بوو بە هۆی پەککەوتنی پەرلەمانی کوردستان، وەکی باڵاترین و شەرعیترین دەزگای سیاسی.

ئێمە ئەزموونێکی گەورەمان لەبەردەستدایە کە پێمان دەڵێت، ئێمەی کورد نەمانتوانی لە ماوەی ئەم سیانزە ساڵەی مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسیدا ناوکۆییەکی (ئیجماع) سیاسی پێکبهێنین، تاوەکو پرۆژەیەکی وەکو ڕیفێرێندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێ کێشە پیادەبکرایەو ئەمرۆ هیچ کوردێک یان کەسێک لە کوردستان لەبەردەم ناسیۆنالیستێکی عەرەبی عێراقی یان تورکمانی یان ئیسلامیستێکدا بێوەڵام نەبێت گەر پرسی ئەوەیان لێکرد ئەری باشە ئێوە ماوەی سیانزە ساڵ فرسەتی ئەوەتان هەبوو خۆتان ماڵی خۆتان بەڕێوەببەن، کەچی لە جیاتی کوردستان بکەن بە پارچەیەک کردتان بە دوو و بە سێ بەش؛ ئەی ئەمرۆ چۆن دەتوانن باس لە ڕیفێرێندوم بکەن بۆ سەربەخۆیی؟!

لەم گۆشە نیگایەوە دەتوانین بڵێین کورد لە پاش کەوتنی ئەزموونی پەرلەمان و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن وەکو نەتەوە لە پرۆژە سیاسییەکەیدا تووشی نووچدان بوو و پرۆژەی دروستکردنی نەتەوە بە مانا سیاسییەکەی لە حاڵەتی پاپووکییەکی گەورەدا دەژی.

لە دۆخێکی ستراتیژی وەک ئەمرۆدا، کە دەوڵەت و نەتەوە جارێکی دی لە عێراقدا لە پرۆسەی بنیاتنانەوەیە، ئەوەی پێویستە ئێمە جەغدی لەسەر بکەین، بریتیە لە کاڵکردنەوە و سڕینەوەی نەرجسییەتی حیزبیانە و دروستکردنی ناوکۆییەکی سیاسی کە تیایدا ماڵی کوردی نەک بەتەنها ڕێکبخرێتەوە، بەڵکو دووبارە بەدیموکراسیبکرێتەوە. سەرەتای ڕزگاربوونیش لە گێژەنی ئامادەنەبوونی ڕێککەوتنی سیاسی لەناو حیزبە کوردییەکان، لە ڕەخنەگرتن لەو کولتووره سیاسییەوە دەستپێدەکات کە لە شەڕی ناوخۆدا گەیشتە بنبەستی سیاسی و لە بڵاوبوونەوەی ئەو فایلانەی دوای کەوتنی دەوڵەتی بەعسیشدا گەیشتە چڵەپۆپەی قەیرانی ئەخلاقی خۆی. ئەزموونی پیادەکردنی دەسەڵات لە کوردستان ئەو هەقیقەتە سادەیەمان پێدەڵێت کە ململانێی جەنگاوەرانەی سیاسی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گۆڕی بۆ شکستی ئەزموونی پەرلەمان و پارچەپارچەبوونی کوردستان بۆ چەند دەسەڵاتدارێتییەکی لۆکاڵی سیاسی و حیزبی کە تیایدا چەمکی پیادەکردنی دەسەڵات لە حکومەتکردنەوە گۆڕا بۆ حوکمکردن. بنبەستی دیموکراسییەت لە کوردستان، بنبەستێکی سیاسییە و دەرئەنجامی نەبوونی ڕێککەوتن وناوکۆیی سیاسی و کولتووری ململانێی ئاشتیخوازانەیە، دەرچوونیش لەو بنبەستەی ئەو کولتووری سیاسەتە خوڵقاندوێتی، سەرەتای دەرچوونە لەم قەیرانەی ئەمرۆ. ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارێتی لۆکالی، یان فەرمانڕەوایەتی ناوچەیی و کولتووری مۆڕاڵی حیزبی، سەرەتای کردنەوەی پەنجەرەیەکی بچوکە بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسەیە و کردنەوەی دەرگایەکیشە بۆ بیرکردنەوە لە شێوەیەکی تری ڕێکخستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان و دووبارە ژیان بەربەرداهێنانەوەی پرۆسەی دیموکراسیکردنی ژینگەی کایە جیاجیاکانە لە کوردستان.

من وایدەبینم ڕیفێرێندوم بەبێ خستنەگەڕی دیموکراسیکردنەوەی کوردستان، نەبینین و خۆگێلکردنە لە هەموو ئەو دۆخە کارەساتاویانەی کە تەمەنی یانزە ساڵی پەرلەمان و ئەزموونی دیموکراسی پیایدا تێپەڕبوو و دەبێت. واتە بەبێ ئاوڕدانەوە لەو کەلاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە گەورانەی ناو کۆمەڵگای کوردستان جگە لە بانگەوازێکی پاپوکانە (بائس) بۆ کوردایەتی هیچی تر لە ڕیفێرێندوم سەوزنابێت.

پرۆژەی ڕیفێرێندوم بۆخۆی بەتەنها وەڵامی هیچ پرسیارێکمان ناداتەوە کە پەیوەندی بە دونیای یانزە ساڵەی

پراكتیزەكردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە و چارەسەری یەک كێشەمان بۆناكات كە دەسەڵاتداریێتی كوردی تاوەكو ئەم چركە ساتە بەرهەمیهێناوە و هەنگاوێک پرۆسەی گۆڕان و دیموكراسی لە كوردستاندا بەرەوپێشەوەنابات كە تیایدا چەقی بەستووە.

لەكاتێكدا بكەرە سیاسییەكان دوو پارلەمان و دوو حكومەت و دوو سەروک وەزیرو دوو سیستەمی یاساییان لە كوردستان بەرهەمهێناوە، ئاسان نییە باس لە ڕیفیرێندوم بكەین، وەكی دەستكەوتێكی دیموكراسی (بۆنموونە لە سلێمانی پیاوی فرەژن لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەی لێگیراوە، كە هەنگاوێكی یاسایی زۆر گرنگە و شایستەی ستایشە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە هەولێر پیاو تائێستا و وەكی جاران بۆی هەیە چەندین ژن بهێنێت). ئەم دۆخی دەسەڵاتداریێتییە لەدوای ڕزگاركردنی كەركوک گەیشتە حاڵەتێک كە پتر لە كۆمیدیاوە نزیكە وەک لە تراژیدیا؛ چونكی دەبینین لەبری یەک چەشن پۆلیسی هاتوچۆ دوو جۆرمان هەیە، یەكێكیان هی یەكێتی و ئەوی تریان هی پارتی. ئەمانەو چەندین نموونەی تر وامان لێدەكەن كە پرۆژەی ڕیفێرێندوم بە بازدانێكی گەورە ببینین كە بە چاونوقانەوە بەسەر ئەو هەموو دۆخە كارەساتاوییانەدا تێدەپەڕێ كە سیستمی سیاسی لە كوردستاندا بەرهەمیهێناوە. لە كاتێكدا ڕۆشنبیران و هێزە مەدەنییەكانی دی ناو كۆمەڵگای كوردستان نەیانتوانی ڕۆژێک شەڕی ناوخۆ ڕابگرن و بەرگری لە سەربەخۆیی پارلەمان و ئازادی ڕاو پرنسیپە دیموكراسییەكان بكەن، گومانی گەورەم لەوە هەیە كە ئەمڕۆ بتوانن پرۆژەیەكی لەو بابەتە پیادەبكەن، لەكاتێكدا سەرۆكی شارەوانی شارێكی گەرمیانمان لەدەستدەچێت، چونكی پارتە سیاسییەكانمان ناتوانن یەک نوێنەر پێشنیاربكەن و دەنگەكانیان واپارچەپارچەدەبێت كە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكە بە بردنەوەی عەرەبێک كۆتایی پێبێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە گەر ڕۆشنبیران و هێزە مەدەنییەكانی كوردستان خەمی كوردستان دەخۆن، كوردستان برینی زۆرە و یەک لیست بابەتمان هەیە كە هەمووی چارەنووسسازن و دواڕۆژی كوردستانمان بۆ دیاریدەكەن، لە ئەنفالەوە تا دەگاتە نووسینەوەی دەستووری تازەی عێراق و بە تێپەڕبوون بەسەر مەسەلەی پارلەمان و هەڵبژاردن و پرۆژەی فیدرالیزم و چەندین بابەتی تر كە پاشان دێمەوە سەریان.

ڕیفێرێندوم دەتوانرێت وەكی پرۆژە كاری بۆ بكرێت، بەڵام لەناو چوارچێوەی پرسە سەرەكییەكانی دونیای سیاسی و كۆمەڵایەتی و كولتووری و یاسایی كوردستان. واتە ڕیفێرێندوم بۆخۆی دەبێت ببێتە داوایەک لە داواكانی خەڵكی كوردستان لە دەستووری حكومەتی كوردستان، تاوەكو هێزە سیاسییە كوردییەكان، بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ گەلی گوردستان، بەتەنها بڕیار بۆ چارەنووسی سیاسی ووڵات نەدەن. بۆئەوەی بتوانین ڕیفێرێندوم بكەین، دەبێت دونیایەكی دیموكراسی بونیادبنێین. نەک بەتەنها لەبەرئەوەی ڕیفێرێندوم بۆخۆی دەستكەوتێكی سیستەمی دیموكراسییە بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی سیاسی، بەڵكو لەبەرئەوەی ئێمە لەو تاقیكردنەوەیە دەرنەچووین.

بەكورتی دەتوانین بڵێین ڕیفێرێندوم دەكرێت لەسەر بڕیاری فیدرالیزم یان سەربەخۆیی بكرێت و گەلی كوردستان لەلایەن پارلەمانی كوردستانەوە بۆ ڕێفرێندۆم ئامادەبكرێت، وەكی ئەوەی ئێستا لە ووڵاتی باسكەكان لە ئیسپانیا لەگەڕدایە. گەر مەسەلە ئیمزاكۆكردنەوە بێت بۆ گەیشتن بە ڕیفێرێندوم، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین پیادەی ئەم پرۆسەیە بكرێت و دوو قاتی ئەو ئیمزایانە كۆدەكرێتەوە كە «پەنجا هەزار»ـە و لە ووڵاتانی دیموكراسی بەسە بۆ ئەوەی وا لە حكومەتەكانیان بكەن ڕیفێرێندوم لەسەر مەسەلەیەک سازبكەن. بۆئەوەی پارلەمانی كوردستان بكرێت بە هەڵگری ئەم پرۆژەیە و وەكی نوێنەری شەرعی ئەم میللەتەش هەڵسێت بە

پیادەکردنی خواستێکی لەوبابەتە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، پێویستیمان بە زیندووکردنەوەی ئەو ئۆرگانە سیاسییە هەیە، تاکو وەکی تاکە ئۆرگانێکی ڕاستەقینە خواستەکانی گەلی کوردستانیش لە بەغدادا نوێنەرایەتی بکات. ئەمەش هەر مانای ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان نییە لە پێشکەوتنی پرۆسەی گفتوگۆکان لەبەغدا، بەڵکو بەشداربوون و نوێنەرایەتییەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەمەوێت بڵێم ئیمزاکۆکردنەوە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان ڕیفێرێندوم نییە، بەڵکو خواستە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، بۆ گەیشتن بەوخواستەش وایدەبینم هەولێر لە نیویۆرک نزیکترە.

## پرسی کورد و دەوڵەت و نەتەوەگەرایی لە عێراق

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دروستبوونەییەوە لەبەردەم پرسێکی گەورەدایە و تاوەکو ئەمڕۆش ئەو ئیشکالییەتە لە بونیادی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ئەم پێکهاتەدا ئامادەیە. ئەو ئیشکالییەتەش بریتییە لە پرۆسەی دروردرێژی بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت لە عێراق. من لەو چەمکەوە دەستپێدەکەم کە زۆربەی زۆری پۆلیتۆلۆگ و سۆسیۆلۆگەکان لەسەری کاردەکەن، ئەویش ئەو ڕاڤەکردنەیە کە ئەوە دەوڵەتە نەتەوە دورستدەکات نەک بە پێچەوانەوە. ڕاستی ئەم چەمکەش بە تەنها لە مێژووی دەوڵەت و نەتەوە لە عێراقدا بەدی ناکرێت، بەڵکو بۆ زۆربەی دەوڵەتە نوێکانی سەر ئەم گۆی زەوییەمان بەڵگەنەویستە. مێژووی نەتەوە لە زۆربەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کارکردنەوە لەسەر دروستکردنی چەمکی هاوولاتی و دۆزینەوەی کولتوور و کەلەپووری تایبەتە بەخۆی، کە زۆرجاریش لە ڕێگای دووبارەڕاڤەکردنەوەی مێژووەوە دەیانکات بەهی خۆی. واتە بەخۆکردنی مێژوویەک کەلەسەر جواگرافیای دەوڵەتی نەتەوەیی ئامادەیە. بۆ نموونە کردنی بابلی و ئەکەدی و سۆمەری و هتد بە عێراقی و بە باوانی کۆنی عەرەب لە عێراقدا. مێژووی دەوڵەتی عێراق و ناوی بزووتنەوە سیاسییەکان و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی گەواهی ئەم ڕاستییەن. لە ڕاستترەوترین باڵی سیاسییەوە تا ئەوپەری چەپ لەسەر چەمکی نیشتمانپەروەری دروستبووە و بەبێ ئەم پرۆگرامە نیشتمانییەش کارئاسانی چالاکی سیاسی جەماوەرییانەی بۆنەدەکرا.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕێکخەرانی ئەم پرۆژەیە بە خاڵی گرنگی بانگەشەی سەربەخۆیی دەزانن لە ڕێگای ڕیفێرێندومەوە، ئەو تێڕوانینەیە کە گوایە دۆخی ئێستای دەوڵەتی عێراق لە دۆخی سەرەتای دروستبوونی دەچێت.

گومانی تێدا نییە بە ساکاری دەتوانرێت لێکچوونی فینۆمینۆلۆژی بدۆزرێتەوە لە نێوان ئەو دوو قۆناغە، بەڵام لێکچوون بە مانا سیاسی و دەزگاییەکەی بوونی نییە. یەکەم دەوڵەتی عێراق تەمەنی هەشتا ساڵە و تەمەنی ئەو حیزبە کوردییانەی کە خەبات بۆ دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا دەکەن بەرەو شەست ساڵ دەچێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت لە عێراق دووبارە لەبەردەم پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەی عێراقدایە و کوردیش بەمانا سیاسییەکەی، لەبەردەم کەلاوەی پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەی کوردایە، کە لە کەوتنی ئەزموونی پەرلەماندا بەرجەستەدەبێت. ئەو پرسیارە هەنووکەییانەی ئێستا گرنگن لەخۆمانی بکەین ئەمانەن: ئەو چەمکی نەتەوە نوێیە چییە کە لە داهاتوودا عێراق لەخۆی دەگرێت، ئایا

کورد هەروا دەتوانێت ببێتـەوە بە عێـراقی، یان دەبێت کۆڵێک مەرج و بڕێک گەڕانتی هەبێت بۆئەوەی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا بەبێ ترس بتوانێت بژێتەوە و لەناو کۆمەڵگای عێراقی نوێدا بێ دڵەڕاوکێ لە ونبوونی شوناس خۆی ئاوێزان (ئینديماج) بکاتەوە؟ ڕۆڵی پەرلەمان وەکی دەربڕی ئیرادەی سیاسی گشتی کورد دەبێت چی و چۆن بێت؟ من لێرەدا پەنجە تەنها بۆ خاڵی ئەنفال ڕادەکێشم بۆئەوەی مەبەستم لە چەشنی پەیوەندیمان لەداهاتوودا بە دەوڵەتی عێراقەوە دەستنیشانبکەم و چۆن دەتوانین وەکی چەقێک مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. پەیوەندی داهاتووی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە بەبێ ئەنفال کارەساتێکی سیاسی و ئێتیکییە. واتە کورد دەبێت داوای گەرانتی نەک تەنها بۆ بوونی سیاسی بکات لەناو چوارچێوەی عێراق، بەڵکو دەبێت داوای گەرانتی وجودییانەی خۆیشی بکات. بەم چەشنە پرسی سەرەکی لە ڕاستیدا تەنێ بەهێزکردنی دیموکراسی نییە لە نێوەند، بەڵکو لاوازکردنی دەسەڵاتی نێوەندە و بەهێزکردنی بنەما دیموکراسییەکانە لە پەراوێزەکان بەرامبەر بە نێوەند.

پرسی سەرەکی لە عێراقی داهاتوودا نابێت لە خەمی دروستکردنەوەی دەوڵەت و نەتەوە سەرچاوەبگرێت بەو فۆرم و چەمک و ناوەڕۆکەی کە هێزە ناسیۆنالیست و پان ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بۆ دواڕۆژی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیانە یان گەرەکیانە. چونکی کولتووری سیاسی لە عێراقدا تاوەکو ئەمڕۆ یەک شتی فێرکردووین، ئەویش چەمکی ئاوێزانکردنی بەزۆرەملێ و دڕاندانەی ئێتنی و گروپە ئایینی و ئایینزاییەکانی ناو وولاتی عێراق بووە؛ ئەنفالیش بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتی ئاوێزانکردنە بەمانا زەبروزەنگاوییەکەی، واتە تەنها ئەو بەشە شایستەی قبوڵکردنە لە کۆمەڵگای کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای مۆنۆپۆلی دەوڵەتی بەعسدا بوو. ئەم کولتوورە نەک کوێرنەبوەتەوە، بەڵکو دووبارە لە پرۆسەی ژین وەبەرداهێنانەوەیە، بەڵام بەناوی تر و بە فۆرمی تر. کولتووری پلورالیزم تاوەکو ئەم چرکەساتە بە کۆمەڵگای سیاسی عێراقی نەیارە، چونکی لە لۆژیکی ئەو هێزە تۆتالیتێرانەدا کورد تاوەکو ئێستاش بەشێکە لە جیهانی عەرەب و ئیسلام. پرسی کورد لە ناو عێراقدا دەبێت بە بەرتاقای ئەو تراژیدیایانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە بەسەر گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا هاتووە. بە مانایەکی دی دەبێت نەک چەمکی ئاوێزانکردن، بەڵکو چەمکی ئاوێزانبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد سەرلەنوێ پێناسەبکرێتەوە، هەروەکو چۆن پێویستە ماناکانی پێکەوەژیان و چەمکی نەتەوە و فۆرمی دەوڵەت چارێکی دی دابڕێژرێتەوە. وەکی دی ترسەکان لەوە گەورەترن کە بەتەنها لە ناو چوارچێوەی لەدەستدانی دەستکەوتەکانی ڕاپەرین قەتیسبکرێن. چونکی هەوڵی زۆر جیدی هەیە کە مەسەلەی کورد و ئەزموونە پڕلەکارەساتەکانی لە عێراقی سبەیدا بکرێت بە حیکایەتی دوێنێ. بە دوێنێکردنی ترسەکانی کورد بەرامبەر دەوڵەت و نەتەوە لە عێراق لە ستراتیژی زیاد لە هێزێکە. لە باشترین حاڵەتدا گوێمان لە بڕێک ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری عەرەبی سەردەمی پۆست سەدام دەبێت کە لە هەوڵی ئەوەدان مەسەلەی ئەنفال بەڕێژەیی بکەن. ستراتیژی بەڕێژەییکردنی ئەنفال واتە هەوڵدان بۆ بەراووردکردنی کارەساتەکان کە بەعس بەسەر کورد و عەرەبی هێناوە، بۆ نموونە شیعەی عەرەب لە ئەهوارەکان. ئەم ڕێژەییکردنە واتە تاکرەهەندبینینی ستراتیژو سیاسەتەکانی بەعس بەرامبەر بە کورد و عەرەب، لەژێر ناونیشانی «هەموومان، هەموو گەلی عێراق بەدەست بەعس زۆری چەشت» ئەمەش مانای کوشتنی هەموو رەهەندەکانی تایبەتمەندێتی ئەنفال دەگەیەنێ و لە پشتیشییەوە یەک گوتار ئیشدەکات، کە کوردستان هەر بە «شمال الحبيب»ەکە بمێنێتەوە.

هەر لەم گۆشە نیگایەوە دەمەوێت بڵێم کارەساتترین هەنگاو بریتییە لە دروستکردنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی و فەرامۆشکردنی پاشماوەی کەلەپووری تۆتالیتاریزمەکەی بەعسە لە عێراق. هەڵەیەکی گەورەیە گەر ئێمە ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراقی بە نووستوو و لاواز دابنێین. ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەمرۆ دەشێت لەسەردەمی بەعس بەهێزتر بێت، چونکی ئێمە لەم قۆناغەدا کوکتێلێکی ترسناکمان لە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و پان ـ ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و پان ـ ئیسلامی هەیە، کە هەمووی لەناو پاڵتۆی نەتەوەی عەرەبدا کۆدەبێتەوە. هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم واقیعە سیاسی و کولتوورییە کورد دەبێت بەتەنها باس لە فیدرالیزم نەکات، بەڵکو هەنگاوی جیدی بۆ بنێت چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی عێراق و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی، بۆئەوەی جارێکی دی کوردستان نەبێتەوە بە «شمال الحبیب». هاوکێشە سیاسییەکان ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێن کە سەرەڕای ڕزگاربوونی کورد لە سەدام و ڕژێمەکەی، بەڵام کورد لە ڕووی سیاسییەوە لەبەردەم ئەگەری ترسناکدایە. یەکێک لەو ئەگەرانە بریتییە لە پیادەنەکردنی فیدرالیزم و گەر پیادەش بکرێت ئەوا لە فۆرمی ئیداریدا دەبێت نەک لە فۆرمە ئەتنییەکەی کە دوو هێزە سیاسییە کوردییەکە داوای دەکەن. زەمانەتیش بۆ ئەم مەسەلەیە نوێنەرایەتی گەلی کوردە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، نەک لەلایەن دوو پارتە زلهێزەکەوە بەتەنها، چونکی پارلەمان نەک بەتەنها دەربڕی خواست و بەرژەوەندییەکانی دوو پارتەکەیە، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەکات. ئێمە بە داواکردنی ڕیفێرێندۆم لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کێشانەمان بۆ چارەسەرناکرێت، بەڵکو بە دیموکراسیکردنەوەی سیستەمی سیاسیمان و نیشاندانی وەکی دەزگایەکی شەرعی و باڵادەست، نەک وەکو ناوێکی زل و دێیەکی وێران. هەر ئەم هەنگاوەشە دەتوانێت گەرانتیی هەندێ مەسەلەی ستراتیژی هەنووکەییمان بۆ بکات. بۆیە پرسی بەعێراقیکردنەوەی کوردستان ئەگەری ترسناکی لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە. بەعێراقیکردنەوەی مەسەلەی کورد لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە دوو هێزە سیاسییە گەورەکەی کوردستان هیچ خەمێکی تریان نەبێت، جگە لە خەمی دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق و بەهێزکردنەوەی. فۆرمی بەشداربوونی کورد لەو دەوڵەتە و داڕشتنی دەستووری نوێ مەسەلەیەکی چارەنووسسازە. ئەمەش دووبارە کاری حکومەتی کوردییە، نەک ئیشی دوو حیزب کە بە جودا لە بەغدا و لە دونیا چالاکی سیاسی و دیبلۆماسی دەنوێنن.

ئێمە دەتوانین ببینەوە بە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، بەڵام نەک بەو مانایەی کە بەغدا شوناس و جۆری پەیوەندییەکانمان بە دەوڵەتەوە داڕێژێ، بەڵکو بەو فۆرمەی کە کورد خۆی دەستنیشانیدەکات لە ڕێگای پەرلەمانەکەیەوە. ئێمەدەتوانین خۆمان ئاوێزانبکەینەوە لەناو کۆمەڵگای عێراقی، بەڵام نەک بەومانایەی کە ئاوێزانبکرێینەوە. لێرەوە نەک بەتەنها ڕیفێرێندوم، بەڵکو هەموو فۆرمەکانی دی پرۆتێستی مەدەنی دەشێ فاکتەرێکی گرنگ بن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فۆرمی پێکەوە ژیانە. عێراق هەمیشە لەترسی کۆمەڵگایەکی فرە ئەتنی و ئایینی ژیاوە، بۆئەوەی شوناسە عەرەبییەکەی لەدەستنەدات، هەموو شێوەکانی ئاوێزانکردنی دڕندانەی بەکارهێناوە، تاوەکو هەموو شوناس و وێنە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی بسڕێتەوە و بیکات بە یەک ڕەنگ و یەک دەنگ و یەک وێنە. ئێستاش شانسێک لەبەردەستدایە کە عێراق زیاد لە شوناسێک و زیاد لە کولتوورێک و زیاد لە حکومەتێک و زیاد لە وێنەیەکی هەبێت.

### پرسی کورد و هەڵوێستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی

ئەمریکا بە هەموو شێوەیەک لە تەلاشی ئەوەدایە کە دەوڵەتە دراوسێکان لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆیی عێراق وەدووربخات. لە شێوەی هەڕەشەوە تا دەگاتە فۆرمی فشاری سیاسی تر ئەم دۆخەی ڕاگرتووە. ڕیفیرێندوم بەو فۆرمەی کە ئێستا باسی لێوەدەکرێت و لەم دۆخەی ئێستادا واتە ووروژاندنی دەوڵەتە دراوسێکان و کردنیان بە فاکتەرێک بۆ شێواندنی دۆخی کوردستان. بۆ ئەم کارەش وابزانم دەستیان هێندە درێژە کە بە ئاسانی دەتوانن کێشەی گەورە و نائارامییەکی تەواو لە دۆخی شێوەئارامی کوردستان دروستبکەن. گەر بەعس بەو هەموو بێهێزییەوە توانیبێتی ببێتە هۆکاری شەڕی ناوخۆ، ئەوا ئێمە زیاد لە نادراوسێیەکمان هەیە کە زیاد لە بکەرێکی سیاسییان هەیە بۆ شێواندنی دۆخی کوردستان. تورکیا لە ڕێگای هەڕەشەی سەربازی و بەکارهێنانی هەندێ هێزی توندڕەوی ناو تورکمانەکان، ئێران لە ڕێگای ئیسلامییە توندڕەوەکان و باڵە شیعە ڕادیکالەکان. سوریا لە ڕێگای ناسیۆنالیست و پان ـ ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکانەوە و لە کۆتاییشدا سەعودی عارەبی لەڕێگای هێزە وەهابییەکانەوە. ئەمە تا دەگاتە ئەوەی کە یەک دەوڵەت چ لە ناوچاکە و چ لە جیهانی عارەبی یان لە جیهانی ئیسلامیدا شک نابەین کە پشتیوانی ئەم پرۆژەی ڕیفێرێندومە بکات، گەر باس لە دوژمنایەتی سەرسەختی نەکەین.

ئەم پرۆژەی ڕیفێرێندومە بەو شێوەیەی داڕێژراوە و یەکێک لە خواستەکانی لە دووتوێی پیادەکردنیدا خستنی خەڵکی کوردستانە بۆسەر شەقامەکان و بانگهێشتکردنە بۆ ڕیفێرێندوم لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان. ئەم حاڵەتەش لەم چرکەساتەدا لە ڕووی ناوخۆییەوە ڕووبەڕووی دوو ئەگەری ترسناکمان دەکاتەوە.

یەکەم ئەگەر بریتییە لە ئەگەری کەوتنەوەی ململانێی توندوتیژانەی ئەتنی لەکوردستان کە بە هۆی بوونی زیاد لە ئەتنییەکی دی لە خاکی کوردستان وەکو تورکمان و عەرەب و ئاشوری و کلدانی و هتد. ئەم دۆخەش واتە دەستتێوەردان و توندوتیژردنەوەی ململانێکان لە شارگەلێکی کوردی کە فرەنەتەوەن، دیارە شاری کەرکوک و موسڵ و خانەقین لە هەموو شارەکانی دی دۆخیان ناسکترە.

دووەم: ئەگەری یەکگرتنەوەی یان وەلادانانی هەموو ئەو ململانێیانەی کە ئەمڕۆ لەناو هێزە عەرەبییە عێراقییە جۆربەجۆر و ناکۆکەکاندا هەیە و یەکگرتنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کورددا. ئێمە دەزانین کە هێزە عەرەبییەکان بەسەر چەندین هێزی ئایینی و ئایینزایی و نەتەوەیی و مەلەکی و سۆسیالیستی و فراکسیۆنی جیاجیا دابەشبوون. ئەوەش دەزانین کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی گەلێک لە ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێزترە. دیارە یەکێک لە گەورەترین مۆتۆری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم چرکەساتە ئایینی ئیسلامە و تا دەگاتە پاڵپشتی دەوڵەتە عەرەبییەکان. ئەم حاڵەتەش بۆ کورد زیاد لە ترسناکییەک دروستدەکات.

گەر ڕیفێرێندوم ببێتە هۆکاری قەتڵوعامی کورد، پاشان دروستبوونی حاڵەتێکی کۆسۆڤۆییانە، ئەمە گەورەتین کارەساتە کە کورد بەرامبەر بەخۆی بیکات.

بە مانایەکی دی، ڕاستییەکی نەشاراوەیە کە بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستاندا، لە فۆرمی بزووتنەوەی سیاسی لە فەلەستین و ئێریتریا و تەیموری ڕۆژهەڵات و بیابانی ڕۆژئاوا و نموونەکانی تری دونیادا نییە، کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا دانی پێدانراوە و ئەمڕۆ لە کێشەی ئەوەدا نین شەرعییەت بۆ ئەو هەنگاوە بدۆزنەوە. چونکی لەلایەک ئەم وڵاتانە بزووتنەوە سیاسییەکانیان هەڵگری گوتاری سەربەخۆییبوونە و لەلایەکی دییەوە لە ڕووی نێونەتەوەییەوە بە وڵاتی داگیرکراو ناسراون، کە مافی ئەوەیان هەیە سەربەخۆیی خۆیان

وەدەستبهێننەوە. دۆزی کوردی لە هەردوو حاڵەتەکەدا کاری بۆ مەسەلەکەی خۆی نەکردووە. چ لە ئاستی گوتاری خەباتەکەی کە ستراتیژی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبووە و چ لە ئاستی نێونەتەوەییش هیچ هەنگاوێکی بۆ ئەم مەسەلەیە نەناوە. کارکردنیش بە پەیمانی سیڤەر چەندە هەقیقەتێکی مێژووییە، ئەوەندەش کورد ئیشی بۆ نەکردووە، تاوەکو لەئێستادا لاپەڕەکانی بە ئاسانی هەڵبدرێتەوە و ئەو گوتارە زیندووبکرێتەوە. چونکی وەکو پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا بزووتنەوەی سیاسی کوردی ساڵانی ساڵە لەسەر چەمکی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان کاردەکات. باڵاترین فۆرمی سیاسی کە بە درێژایی مێژووی تەمەنی سیاسی نوێی خۆی دۆزیویەتییەوە بریتییە لە فیدرالیزم. دیارە ئەم فۆرمەش بێ کێشە و کێشمە نییە. زیندووکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و پرۆسەی دیموکراسیکردنەوە گەرانتی زیندووکردنەوەی بەندە خەوتووەکانی مەسەلەی کوردە لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش.

گەر دۆخی هەنووکەیی پرسی کورد لە ڕووی نێونەتەوەییەوە تاووتوێبکەین، ئەوا دەگەینە هەندێ دەرئەنجام کە هەڵگری موژدە نین، چونکی پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەبەراوورد بە سەردەمی سەدام، خراپتر بووە، گەر نەڵێین ئەوکات باشتر بوو، لەبەرئەوەی کورد لەمڕۆدا دۆستەکانی بەرێژە بەرامبەر بە سەردەمانی بەعس زیاتر نەبووە، بەڵکو کەمتربووە. لێرەوە دەبێت لەداهاتوودا ئەو ڕاستییە ببینین کە ئەوەی ئێستا بۆ دەوڵەتانی گەورە و بچووکی دونیا گرنگە بەغدایە نەک هەولێر یان سلێمانی. ماوەی سیانزە ساڵ کورد نەیتوانی هیچ کارئاسانییەک بۆ پرسی خۆی لە ئاستی نێونەتەوەیی بکات، چ جای دەگاتە ڕیفێرێندوم بۆ سەربەخۆیی. ماوەی سیانزە ساڵە چالاکییەکی سیاسی و دیبلۆماسی چاپوک لەدەرەوەی کوردستان ئامادە نەبوو بۆ بەتایبەتیکردنی مەسەلەی کورد.

هەڵەیەکی گەورەیە گەر سیاسەتی کوردی لە داهاتوودا بەتەنها یەک ئاراستە بگرێتە بەر. ڕاستە ئەمریکا ڕژێمی سەدامی بۆ ڕووخاندین، بەڵام دۆست شتێکە و خۆبەدۆستزانین شتێکی ترە. کورد وەکی دۆست لەلایەن ئەمریکاوە تەماشاناکرێت، بەڵکو کورد خۆی خۆی بەدۆستی ئەمریکا دەزانێ. بۆیە ترس ئەوەیە کە ئێمە هەموو هێلکەکانمان کردبێتە ناو سەبەتەی ئەمریکییەوە و ئەمریکاش بیداتە دەست دەوڵەتی مەرکەزی «دیموکراسی» عێراقەوە. ئەم واقیعەش وامان لێدەکات بڵێین ئێمە دەبێت ئێستا لە هەموو کاتێک واقیعبینانەتر بین. واقیعبینانەش مانای وونکردنی خەونەکان نییە. بۆئەم مەبەستەش مەبەستمە لە چەند خاڵێکدا کۆی سەرنجەکانم کۆبکەمەوە.

یەکەم: دووبارە ئەکتڤکردنەوەی پەرلەمان

واتە چوست و چالاککردنی پارلەمان و وەگەڕخستنەوەی پرۆسەی دیموکراسیکردنی ژیانی سیاسی کوردستان و گەڕانەوەی هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکان بۆ ئەو دەزگا شەرعییەی کە بەشێکی گەورەی خەڵکی کوردستان هەڵیانبژارد. ئەمەش بەنۆبەتی خۆی واتە نوێنەرایەتیکردنی کورد وەکی گەلێک لەلایەن دەزگایەکی باوەڕپێکراوی سیاسییەوە، کە پارلەمان و حکومەتەکەیەتی. نوێنەرایەتی بەمانای ئەوەی کە ئەو دەزگایە تەعبیرە لە ئیرادەی سیاسی زۆربەری زۆری گەلی کوردستان و خاوەنی دەستوور و ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی و دەتوانێت نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی وولاتدا بکات. دەشێ یەکێک لە هەنگاوە ڕادیکالەکان کە وەکو خواستێک دەمێنێتەوە، بریتی بێت لەوەی کە ڕیفێرێندوم یان کۆپرسی و

ئیمزاکوکردنەوە هتد... ببێت بە مافێکی سیاسی لە کوردستان و لەڕووی یاساییەوە ببێت بە یەکێک لە بەندەکانی دەستووری کوردستان، تاوەکو گروپ و تاکەکانی گەلی کوردستان لە فۆرمی «دیموکراسی ڕاستەوخۆ» بەشداری چالاکانەبن لە جۆری داڕشتنی سیاسەت و دیاریکردنی چارەنووسیان لە کوردستاندا.

دووەم: هەڵبژاردنەوەی نوێ

یانزە ساڵە خەڵکی کوردستان بێبەرییە لە هەموو مافێکی هەڵبژاردنی سیاسی و بەشداری لە بڕیارە چارەنوسسازەکانی وولاتی خۆیان. نەک تەنها نەوەیەک لەم مافە بێبەرییە، بەڵکو بەشێکی گەورەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیش لەو مافە بێبەرین، کە تاوەکو ماوەی شەش مانگ لەمەوپێش لەژێر دەسەلاتداریتی دەوڵەتی بەعسدا بوون، لە نموونەی کەرکوک و خانەقین و سنجار و گەرمیان و هتد. ئەو نەوەیەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا تەمەنی هەڤدە ساڵ بوویێت و مافی هەڵبژاردنی نەبوویێت، ئەوا تا ئێستا کە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣یە ئەم نەوەیە هیچ مافێکی نەبووە لە بەشداربوونی سیاسی و هەلاوێردی سیاسی لە وولاتی خۆی. ئەمەش وامان لێدەکات بەڕاکشاوییەوە بپرسین دەبێت ئەم نەوەیە یان ئەو کوردانەی کە لەدەرەوەی سنووری کوردستانی سەربەخۆبوون یان لە دەروەی سنووری کوردستان دەژین، چە لە شارەکانی دی عێراق و چ لەدەرەوەی وولات، چ وەلائەتێکی سیاسییان بۆ پەرلەمان و سیستەمی سیاسی لە کوردستان هەبێت؟ بۆیە هەڵبژاردنەوەی نوێ لە کوردستان یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی دووبارەبوونەوەی ژیانی سیاسی دیموکراسی لە کوردستان و دەستپێکردنەوەیەکی نوێ لە ئەزموونی دیموکراسی. هەڵبژاردنی نوێ مافێکە بۆ هەموو تاکێکە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، ئەمەش سەرەتاییترین و بناغەییترین هەنگاوی سیاسی و مەدەنییە، تاوەکو بتوانرێت چەمکی هاوولاتی جارێکی تر ئەکتیڤبرێتەوە و پێناسەبکرێتەوە.

سێهەم. پارلەمان وەکی نوێنەری گەلی کوردستان

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە گەلی کوردستان دەبێت چیدی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای پەرلەمان و حکومەتەکەیەوە لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا نوێنەرایەتی بکرێت و چارەنووسی سیاسی خۆی لە ڕێگای ئەوەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دیاریبکات. ڕاستییەکی سیاسی و کۆمەلایەتییە کە کوردستان دوو حیزبی گەورەی تێدایە و تەعبیر لە خواست و بەرژەوەندی گروپە جیاجیاکانی گەلی کوردستان دەکەن، بەلام پارلەمان تەعبیر لە کۆی ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان دەکات. بەم چەشنە سەقامگیربوونی سیستەمی پارلەمانتاری دیموکراسی لە کوردستان و پێشکەشکردنی وێنەیەک کە دەربڕی ئیرادەی گشتی گەلی کوردستان بێت سەرەتایەکی گەورەیە بۆ گەیشتن بە خەونەکانی تری گەلی کوردستان.

## دوا سەرنج

داواکردنی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی بۆ کوردستان مافێکی ڕەوای هەموو تاکێک و گروپێک و هێزێکی سیاسییە لە کوردستان. دەوڵەت چەمکێکی سیاسییە و بۆئەوەی بتوانین پێیبگەین دەبێت لێیبگەین. کە توانیمان لە مانا سیاسی و فەلسەفی و ئێتیکییەکانی بگەین، ئەوکات دەتوانین باس لە گرنگی و سەختی پرۆسەی بنیاتنانی بکەین. واتە کورد پێویستی بە کولتوورێکی سیاسییە کە بتوانێت وەلامی ئەو پێکۆڵکردنانەی پێبێت کە بنیاتنانی دەوڵەت پێویستێتی. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی کوردستانی باشوور پێچەوانەی ئەم ڕاستییەمان

پێدەڵێت؛ ئەو ڕاستییەی کە ئێمە دەبێت دان بە فەشەلی ئەزموونی بنیاتنانی بنەما سەرەکی و سەرەتاییەکانی دەوڵەت و نەتەوە بە مانا سیاسییەکەی بنێین. لەسەر کەلاوەی ئەم ئەزموونە ئاسان نییە باس لە ڕێفێرێندوم بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بۆئەوەی باس لە سەربەخۆیی و دەوڵەت بکەین، دەبێت خاوەن دەزگاکانی دەسەڵاتداریێتی و سەروەریێتی دەوڵەت و نەتەوە بین. گەر خاوەنیشیان بووین و نەمانتوانی ڕێزیان لێبگرین، ئەوا مانای ئەوەیە کە عەقڵی سیاسیمان نەیتوانی پیادەی ئیرادەی سیاسی گشتی گەلی کوردستان بکات. ئەزموونی ئەم سیانزە ساڵەش گەواهییەکی تاڵی سەدەی پێشوو و سەرەتای ئەم دەسەیەمانە. نوێنەرانی سیاسی میللەتێکیش نەیتوانی پیادەی ئیرادەی گشتی میللەتەکەیان بکەن، ڕۆشنبیرەکانی هەقیان نییە لە نەتەوە یەککرتووەکان نیگەران بن. چونکی ئەم واقیعە بەرهەمی عەقڵی سیاسی کوردی و ئەو هەڵسوکەوتە نەرجسییانەیە لەگەڵ دەسەلات و پاوانکردنی حیزبییانەیە بۆی، لەبری تەسلیمکردنی بە پارلەمان و حکومەتەکەی. بۆئەوەی باس لە دەوڵەت بکەین، دەبێت هەندێ مەرجی زۆر ساکار فەراهەمبن. یەکێک لەو مەرجانەی ئەمڕۆ پێویستە بۆی بگەڕێینەوە، بریتییە لە زیندووکردنەوە و ژیانلەبەرکردنی ئەو دەزگا نووستو یان مردووانەی پارلەمان و حکومەتی کوردستان. ئەمەش واتە ئامادەبوون بۆ فێربوون، چونکی دیموکراسی بۆخۆشی پرۆسەیەکی فێربوونە، سیاسییەکانمان دەبێت فێربن کە چیدی سیاسەتکردن لە دونیای دیموکراسیدا بە مانای دابەشکردنی غەنیمە تێنەگەن و حکومەتکردن بە مانای مانەوەی ئەبەدی لەسەر کورسییەکان نەبینن و دەسەڵاتداریێتی بە مانای دابەشکردنی دەسەلات بۆ جوگرافیای ناوچەیی و لۆکالی ڕاڤەنەکەن. دەسەڵاتداریێتی مەدەنی و دیموکراسی دوو چەمکن بەبێ سەروەریێتی بۆ گەل یان کۆمەڵگا و بەبێ ئیشکردنی دەزگاکانی لەوێنەی پارلەمان و حکومەت و هتد مانا سیاسی و ئێتیکییەکانی خۆیان دەدۆڕێنن. ئەم جیهانەش پێویستی بە تیۆریزەکردنی خۆی هەیە. ئەوانەی بەرگری لە پرنسیپەکانی دیموکراسی دەکەن، هەرئەوانەن کە گرنگی مانا فەلسەفی و سیاسی و ئێتیکییەکانیشی دەزانن.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بلاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**